# دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە گشتییەکان

## وانەی هەشتەم
## ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

# ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:



# ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

- باشکردنی بارودۆخی کار.
- و بەرزکردنەوەی توانای بەرهەمهێنانی کارمەندان
- فێرکردن و گونجان لەگەڵ دیاردە گرنگەکانی کارگێڕی پیشەسازیدا
- گرنگیدان بە کرێکار وەك مرۆڤێك کە پێویستی ماددی و تەندروستی و کلتووری و تەرفیهی و کۆمەڵایەتی و دەروونی خۆی هەیە.

# ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

- پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەدیهێنانی ژمارەیەك ئامانج کار دەکات
- هەر هەڵمەتێك لە هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن پێویستە جەخت لەسەر زنجیرەیەکی تەواو لە ئامانج و مەبەست بکاتەوە کە پێشتر دانرابن
- دەرەنجامە گشتییەکەش بەدیهێنانی سەرجەم ئامانجەکانە، لەکۆتاییشدا گەیشتنە بە ئامانجە گشتگیرەکە.
- ئەگەر ئەم زنجیرە ئامانجە پێشتر دەستنیشان نەکرێت، ئەوا لە ئەنجامدا رێکخراوەکە کات و هەوڵدان و تێچووی بەفیڕۆ دەچێت و توشی نشوستی خێرا دەبێت.

# مەرجەکانی ئامانج

- لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر.
- دەبێت ئەو ئامانجانە رێتێچوو بن لەڕووی ئەو کۆشش و تێچوو دەستی کار واتە ئەو کارمەندانەی هەوڵی بەدیهێنانی دەدەن.
- هۆکاری کات کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە دیاریکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.
- نموونە لەمبارەیەوە "رێکخستنی هەڵمەت بۆ کۆکردنەوەی بەخشینەکان و کۆمەکەکان" لەبەر کەمیی کات ئامانجەکان سادە دەبنەوە.

# ئامانجەکان دەکرێت بەمشێوەیە پوخت بکرێنەوە:

- پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵدەدات بۆ هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەئامانجەکانی
- جەماوەر لەبارەی سیاسەتی گشتی و بەرپرسیارێتییەکەی لە جێبەجێکردنیدا فێربکات.
- رێکخراوەکان بە ئامانجەکانی هۆشیار دەکاتەوە و شێوازو کارو جۆری چالاکییەکەی و پلانەکانی بۆ جەماوەر دەخاتەروو.
- هەماهەنگی نێوان تاکەکان ئاسان دەکات، کاتێك هەر کەسێك لە کۆمەڵەکەدا ئەو ئامانجانە دەزانێت کە دەبێت پێی بگات، ئەوا بەهاوکاری یەکتر کار دەکەن بۆئەوەی پێی بگەن.
- ئامانجەکان بە پێوەری هەڵسەنگاندن و چاودێری دادەنرێت، مادام ئەوە دیاری دەکات کە دەبێت ئەنجام بدرێت.
- دەبێتەهۆی پرۆسەکانی هەموارکردنی ستراتیژیەتەکانی رێکخراوەکە.
- نەبوونی ئامانج یان روون نەبوونی و دیاریکردنی بە یەکێك لەهۆکارە سەرەکییەکان دادەنرێت کە زۆر لە هەوڵەکان لەو بوارەدا نشوست پێ دەهێنێت. لەو ئامانجانەش بریتین لە:

# لەو ئامانجانەش بریتین لە:

- أ/ کۆمپانیاکە لە پیشەسازیەکدا لەهەندێ بازاڕی نایابدا پێشەنگ بێت.
- ب/ وا بکات بەکاربەر هەست بە رازیبوونی بەردەوام و زیاتر بکات لە بازاڕە ناوخۆیی و نوێیەکاندا.
- ج/ قازانجێکی گونجاو بەدی بهێنێت، بەجۆرێك بتوانێت داهاتێکی گونجاو بدات بە هەڵگرانی پشکەکان و داهاتی پێویست دەستەبەر بکات بۆ فراوانبوون و سەقامگیری کۆمپانیاکە لەداهاتوودا.
- ء/ کۆمپانیا یان رێکخراوەکە رەگەزێکی ئیجابی و بەسوود لەو کۆمەڵگەیە دابنرێت کە کاری تیا دەکات و هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر جەماوەری جیاواز و کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی زیادبێت.
- ه/ بەدیهێنانی ناوبانگی باش بۆ رێکخراوەکە و پشتگیری وێنە هزرییەکەی.

- پەیوەندییە گشتیەکان ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی باش و زیادبوونی هەلی لێکگەیشتن و گونجانە لەنێوان رێکخراوەکە و جەماوەردا.
- جا (جەماوەرەکە ناوخۆیی بێت) وەك کارمەندانی رێکخراوەکە بۆئەوەی هەست بە رازیبوون و ئاسوودەبوون بکەن و رۆحی مەعنەوییان بەرز بێتەوە،
- بەمەش بەرهەمهێنانیان بەرز دەبێتەوە، هەستکردنیان بە ئینتیما گەشە دەکات، گەیشتن بە جەماوەری ناوخۆیی کارێکی سەخت نییە .
- سەرەڕای هاندانی چالاکییە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی و چالاکییە وەرزشییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی تایبەت بە کرێکارەکان، ئەم پەیوەندیەش لە کارگێڕی باڵاوە دەستپێدەکات..



- پڕۆگرامی پەیوەندییە گشتییەکان رۆڵێکی گەورە دەبینێت لە گونجاندن لەنێوان ئارەزووە جیاوازەکانی تاك و کۆمەڵەکان
- کار دەکات بۆ چاککردنی ئاراستە سەلبییەکان لای جەماوەر بۆ ئاراستەی ئیجابی بونیاتنەر.
- بیرۆکە و رای جەماوەر و ئاراستەکانی بەرەو رێکخراوەکە بۆ کارگێڕی دەگوازێتەوە.
- ئامۆژگاری و رێنوێنی رێکخراوەکە دەکات بۆئەوەی بتوانێت سیاسەتی رێکخراوەکە یان پلانەکانی بەجۆرێك چاك بکاتەوە کە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی جەماوەر لەم رێکخراوەی چاوەڕێی دەکات.
- پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵ دەدات بۆ درێژەپێدانی پەیوەندییەکەی رێککەوتن و گونجان لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن

- پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵدەدات بۆ ئەنجامدانی کاری جۆراوجۆر کە کارگێڕییەکانی دیکە ئەنجامی دەدەن و یارمەتیدانی. بۆنموونە یارمەتی کارگێڕی پەیوەندییە پیشەسازییەکان دەدات بە راکێشانی فەرمانبەرو کرێکارە نایابەکان.
- هانی پەیوەندی لەنێوان ئاستە باڵاکان لە کارگێڕی و ئاستە نزمەکان دەدات، بەپێچەوانەشەوە.
- یارمەتی کارگێڕی فرۆشتەنی دەدات بۆ برەوپێدانی بەرهەمەکانی رێکخراوەکە.

# بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم

- پەیوەندیە گشتییەکان ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمە بەدەستەبەرکردنی هۆکاری ماددی و مەعنەوی و زیادبوونی سوودەکان کە بۆ خاوەن کۆمپانیاکە و کرێکارەکانی و بەکاربەرانی بەرهەمەکەی و ئەو کۆمەڵانەی کە کاری تێدا دەکەن دەگەڕێتەوە، لەڕێگەی دانانی بەرنامەیەك بۆ چاککردنی کارگە و بەرهەمەکان و دەستبەرداربوونی ئامێرە کۆنەکان و جێبەجێکردنی بەرنامەیەك بۆ دابینکردنی نوێترین جۆری ئامێرەکان.
- کارکردن لەسەر بەرهەمهێنانی کاڵا نوێیەکان لەنزیکترین کات کە بگونجێت لەگەڵ کۆتایی هاتن بە تاقیکردنەوە پێویستییەکان و سەرلەنوێ رێکخستنەوەی کارە نووسینگەییەکان و زیادبوونی دەرچەکانی دابەشکردن.

- پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی دۆستانەیە لەگەڵ بەشداربووواندا.
- دەکرێ لە ئارەزووی بەشداربووان بە ئامرازگەلی جۆراوجۆر بزانین، بۆنموونە:
- کۆبوونەوەی کۆمەڵە گشتییەکان
- گفتوگۆی بەشداربووان کە بۆ کارگێڕی کۆمپانیاکەی دەنێرن. دەکرێت زۆر لە ئارەزوو و رایەکانیان بزانرێت .
- هەندێ کۆمپانیا پەنا دەبات بۆ بەدواداچوونی راو ئارەزووی بەشداربووان لەڕێگەی ناردنی لیستێك بە پۆستەدا کە چەندین پرسیار لەخۆدەگرێت بۆئەوەی وەڵام بدرێتەوە.
- یان دەکرێ ئەم پرسیارانە لەڕێگەی راسپێراوانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان ئاراستە بکرێن، لەڕێگەی چاوپێکەوتنێکی کەسییەوە بۆ سامپڵێک.

- پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بۆ گەشەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لای هاووڵاتیان و یارمەتیدانیان بۆئەوەی بەرپرسیارێتی هەڵبگرن لەنەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی رێکخراوەکە چارەسەرکردنی کێشەکەی